www.kurdistannet.org
8-4-2007 14:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# نامەیەکی چاو بە خوێن بۆ مامۆستا حەمەسەعید حەسەن* ... ئیسماعیل کەریم

ئەڵمانیا
halabjayi@hotmail. com

سڵاو مامۆستای خۆشەویست



لێرەوە لە غوربەتی پڕ لە سۆیی تاراوگەوە تا قەڵاو منارەی هۆلاکۆ بەزین خۆشەویستیمت لێ وەر گرە

ساڵانیک بوونوکی خامە تیژەکەت ڕم بوو بۆ سەر دڵی بەعس و دەستەڵاتە هاوشێوەکەی کوردستانی لەمەڕ خۆمان، ، دەمامکێ نەما نەیبەستن و تۆ لای نەدەی لە ڕوخساریان، ، بەڕەیەک نەما لە ژێر پێیان ڕاینەکێشیت، جەنگێکیان نەما سەر ژمێری کوشتار و تەور وەشێن و جەلادەکانمان بۆ ئاشکرا نەکەیت، ڕەزێکی سوتاو نەما تۆ بۆی نەگریت، ئاخێک نەما تۆ باوەشی بۆ نەکەیتەوە، پەڵە هەورێکی ڕەش نەما دای نەبارینی بەسەر گەندەڵی دەستەڵاتی کوردیدا، ، وەک بورکان لە هەچ شوێن وکاتێکدا پاڵەپەستۆ هەبوایە وشەت پشکۆ ئاسا گڕی بەردەدایە خەرمانی بێ شوماری سەرمایەی گەندی دەستەڵات، ، ساڵانێ بەر لە ئێستە ساتیرە شێعرە کانت وەک تلیاک، تی ئێ نتی، گولە، بەهەچ کەسێکەوە بگیرایە سزای گەورەی بەسەردا دەدرا

، ، تفێک نەما تۆ نەیکەیتە ڕووی ڕەشی دەستەڵات، دارێکیان نەما دەمی تیژی تەوری وشەت پێی ڕانەگا، ، وەکوو قارچک گشت بەهارێ لە بن هەنگڵیان دەتەقایت، ، ویستگە بە ویستگەی شۆڕشیان چاودێری و دوور بین بەدەست بوویت ئەوەی لای ئەوان بڤە بوو لای میلەتیش ڕازێکی پڕ لە پەنهان بوو هەر بۆ سبەی لە (خەرمانە) *و (پاشای عەرشی کەلاوەدا) * ئاشکرا بوو

ئەدی ئێستا مامۆستا گیان چیە ئەم ڕازو جادوە؟؟؟ خامە کۆڵ و دەم بەستراو ووشە زیندان و هەڵوێست لاسەنگ وساتیرە شێعر بێ ناز؟؟؟؟

مەگەرئەمان هەر دوو ڕووی یەک دراو نین؟هەڵگیرسێنەری (پشتاشان و قەندیل و هاکاری و هەڵەبجە) * نین؟؟؟

هەر ئەمان نین ڕۆژێک میلەت دەکەنە (سەگ) ڕۆژێ هەموان (بێ شەهامەت) ناوزەند دەکەن؟؟، بە بەرچاوی ئاسیشەوە لە هەولێری پڕ ئاسیش (ڕۆژنامەنووس) دەفرێنن تەنها لەبەر ئەوەی وەک ساڵانی ئازادی تۆ (دوور لە ئێستەو) دەیەوێت ئازادانە بنوسێت؟؟؟ هەر ئەمان نین لە جێی گوڵ و ئاو کارەبا بۆ هەڵەبجە بە بەرچاوی جیهانەوە لە 16. 03 دڵی ئەو شارە و جەرگی دایکی (کوردە) * دەسوتێنن؟؟؟ دوو بارە و دە بارەو سەد بارە دەست لە ملانی عەرەب و ماچ کردنی ئاغاکان وئێوارە خوانی ئەرکەداشەکانی تورک بۆ کەرکوکی قودس و دڵی کوردستانمان بانگهێش دەکەن؟؟؟

مامۆستا گیان... دەزانی چەندە گرانە پشت کردن لەبەرەی میلەت؟؟؟ڕوو کردنە بەرەی خەڵکی تێر؟؟؟بێ دەنگیت لە ئاوا کارەساتێکدا نیشانەی ڕازی بوونتە بە هەموو ئەو مەرگەساتەی ڕووبەڕووی میلەت دەبێتەوە، ، هێندە دەڵێم ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە نیە نوسەرێکی وەک بەڕێزتان بێ دەنگی کەنە کالا بە بالای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خامەکەتان، ئەگینا قەدەرێ تر خامەکەی تۆش وەک پێنوسی (خانمە قەرەداغ) یەکە بۆ هەتایە لە مۆزەخانەی ڕازاوەی کۆشکی سوڵتان دەبێت دەستەو نەزەر لە سوچێکدا هەڵکورشکێ، جار ناجارێ بەستەیە ئاوازێ شێعرێ بۆ دیوەخان بڵێت گەر پاشا خواستی لەسەر بوو، ، لەبەر ئەوە فریا کەوە با پێنوسە بەرزە باڵاکەت وەک (گوندیەکان، بێ شەهامەت) نەکرێت

لێم ببورە مامۆستا گیان کە قوتابیەکی بێ ئەدەب بووم، وانەی ئەمڕۆم بۆ مامۆستا دارشتەوە

---------------------------------------------------------------------

1 * ناونیشانی هۆنراوەیەکی حەمەسەعید حەسەنە
2 * گۆڤارێك بوو ناوبراو لە سوێد دەری دەکرد
3 * بڵاوکراوەیەکی ناوبراوە
4*مێژویەکی ڕەش تری شەڕی براکووژی
5 * ئەو لاوە هەڵەبجەیە بوو پار ساڵ لە خۆپیشاندانەکەی خەڵکی هەڵەبجە دژی گەندەڵی و فەرامۆش کردنی شارەکەیان کردیان، دواتر بە دەستی ئاسیشەکانی دەستەلاتی ی.ن.ك شەهید بوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.